سەرکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی ستایشی ئیرادەی ئازادی گەلی عێراق دەکات لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا

ئەمڕۆ شەممە، شێخ هومام حەموودی، سەرکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، ستایشی ئیرادەی ئازادی گەلی عێراق دەکات لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ،دووپاتی کردەوە کە هەڵبژاردنەکان وێستگەیەکی نیشتمانی گرنگ بوون و تێیدا عێراقییەکان ئیرادەی ئازادی خۆیان بەرجەستە کرد.

ڕووسینگەی ڕاگەیاندنی شێخ حەمووی لە ڕاگەیەندراوەکدا ئاشکرایکرد: "شێخ هومام حەمووی سەرکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی پێشوازی لە محەمەد کازم ئال سادق باڵیۆزی ئێران لە عێراق کرد، کە پیرۆزبایی وڵاتەکەی ئاڵاستەی گەلی عێراق کرد بەبۆنەی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن، ستایشی کەشوهەوای ئارام و ڕێکخستنی بەرز و بەشداریی بەرفراوانی کرد".

شێخ حەمووی بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، دووپاتی کردەوە کە "هەڵبژاردنەکان وێستگەیەکی نیشتمانی گرنگ بوون کە تێیدا عێراقییەکان ئیرادەی ئازادی خۆیان و ئاستی وشیاریان بە گرنگی هەڵبژاردنەکان لە ڕاستکردنەوەی واقیع و گۆڕانکاری و بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتردا بەرجەستە کرد"، ئاماژەی بەوەشدا کە "ئەمە بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری دەبێت لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و پەرەپێدانی هاوکاریی هاوبەش بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندی هەردوو گەلی دراوسێ بکات".

لای خەیەوە، باسیزی ئەران جەختی کردەوە کە "سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان هەنگاوێکی گرنگە لە بەهێزکردنی سەقامگیری سیاسی و چەسپاندنی ڕەوی دیموکراسی لە عێراق"، ئاماژەی بەوەشدا کە "ئەو کەشوهەوایەی هەڵبژاردنەکانی تێدا بەڕێوەچوو، هەنگدانەوەی توانای دەوڵەتی عێراقە لە بەڕێوەبردنی شایستە دەستوورییەکانی بە لێهاتوویی و بەرپرسیارێتییەوە.